# نامەیەك بۆ... جەمال غەمبار

ئیدریس عەلی

تۆ هەر لێرەیت
بەجریوەی شیعرا ئەزانم
لەبەیانییەکی دڵخۆشا
بەقاسپەی مناڵەکانی ژێر هەتاوا
بەقیژەی درەختی شەهیدا
بەلورەی دارستانی مەلولا
بەهەنسکی چرایەکی بەر پەنجەرەی چاوەڕوانیا
کەشوێن پێیەکانی مانگ بەسەریدا رژاوەو
ژنێك بەهەڵمی هەناسە دەیسڕێت..
ئەزانم کە لێرەیت.. لەنزیك پارکی خەمە گەورەکانەوەیت
دەستێکت بەگۆچانەکەی شەبابەوەیەو
دەستێکت لەنێو تەوقەیەکی بەردەرکی سەرادا،
چاوێکت لەژێر عەینەکی شیعرێکدایەو
چاوێکت بۆ روانین داوە بە ئیختیارێکی بەردەم مزگەوتی گەورە،
تۆ بەعیشقەوە لێرەیت
لەدڵەوە دەڕوانیت،
چیمەنی رۆحت هەر لەباخی گشتییەو سەوز دەکاتەوە
بارانی چرپەت هێشتا بەسەر سەروو سنەوبەرەکانی دەباشانا تەڕ دەکاتەوە
هاژەی دەنگت هێشتا لەگوێی شەقامی سالمدا دەزرنگێتەوە..
ئەزانم لانی کەم بە پرچی سپیتا ئەزانم
دارستان نەماوە شینی تێدا نەکەیت
شینی تەنیایی و
شینی دووری و
شینی کۆستە گەورەکان..

هیچ نەبێ ئەزانم
بەتینوێتی غەریبیتا ئەزانم
ئاسمان نەماوە بۆمان نەگەڕێی
گەڕان بۆ شەڕەکانی عیشق و
ئاشتکردنەوەی گۆرانییەك لەگەڵ شەوێکی هێمندا،
گەڕان بۆ گریانەکانی ئینجانەو
دڵدانەوەی گوڵێکی توڕ دراو
گەڕان بۆ سڵاوە ساردەکانی شیعر
کاتێ بە ئاستەم بەدڵدا عبور دەکات،
تۆ هەر لێرەیت
ئێوارەیەك لای شەقامی کاکەحمەدی شێخ
هۆتێلێك نیشانی کرێکارێکی عەرەب دەدەیت
لای سەهۆڵەکەوە بەرەو ژوور هەڵدەگەڕێیت و
بە میوە فرۆشێکی دڵتەنگ دەڵێیت:
ئێوارەی هەنارو ترێت باش..
تۆ هەرلێرەیت
پەیتا.. پەیتا
بیردەکەیتەوە لەغەدر
پەیتا پەیتا خەفەت بەخەفەت دادەگیرسێنێ
پەیتا پەیتا شەرمدەکەیت لەسەردان و پێشوازی
لا پەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان
پەیتا پەیتا تەریق دەبیتەوە
لەهاتووچۆی خێرای ماشێنە جام رەش و
روو رەش و رابردوو رەشەکان..
تۆ هەر لێرەیت
لەهەڵە بجەیت .. لەماڵی نەنەخاوەر
گوێ لەرەهێڵەی پاڕانەوەو
گرم و هوڕی بێزاری بێوەژنان و
زرموکووتی منالی لەخەو تۆراوو
گوێ لە چیرۆکی قیامەت و

حەشری پەپولەکانی نێوچەوانی شێخ وەلیو
کۆڵە خەمەکەی پشتی پاڵەوانی حەماڵو
هەنسکی جانتا دڕاوەکەی مریەمی قوتابی دەگریت..

تۆ هەرلێرەیت
وەك بەفر بەقەندیلی خەیاڵمانەوەیت
وەك نالی لەخاكو خۆڵی چاومانایت
وەك میمکە رێحان لەگەرمیانی رۆحمانا
سەرابی چاوەڕوانی پیرتدەکات

لێرەیتو هێشتا چاوەڕوانی گەرانەوەی قافڵەکانی بیابانی
چاوەڕوانی باری مێخەكو بوخچەی زەردەخەنە پێچراوەکانیت..
لێرەیتو
لەنیوەڕۆیەکی بێئیشو تەمەڵدا دێیتە شەعب

گوێ لە موجامەلەی سەیر سەیرو
لەخەمەکانی حەمە عومەرو
توڕە بوونی نووسەرە کۆنەکان دەگریت،
بەدەم تێکدانی چایەکەوە
تەماشای شیعر دەکەیت

مەلولو راکشاو لەسەر شەقامێکی گشتی
لەناکاو چیرۆکێك بەلاتا رەد دەبێت
دەستی بەرزدەکاتەوەو بەخەمێکەوە پێت دەڵێت:
ئەریٚ کاکی برا پاڵەوانەکەمت نەدیووە؟

گۆرانییەك دێتە سەر رێت
تکات لێدەکات دڵی شکاوی بدەیتەوە
مناڵێك دەست دەبات بۆ جانتاکەتو پێتدەڵیٚ:
تۆ یارییە دزراوەکانمت نەدیووە؟
ژنێك لە پشتتەوە دەقیژێنیٚ:

من دایکی ئەو مەسیحەم بەخاچی شیعرەکانتەوە
نیشتمان لەسەریٚ ڕا.. لەجادەی سجنەوە لارە لار دێتە خواریٚ
بنباڵی بۆنی عارەقی گرتووە
نیشتمانی رەنگ زەردو لاواز

نیشتمانی تەنیاو حەزین
نیشتمانی بیٚ ماڵو جیٚ
بیٚ باخچەو دڵتەنگ

نیشتمانی پرچ رنراو هەر رۆژەو لە پرسەی شاریٚکدا
دیٚتە لاتو گلەیی دەکات
دەگری و بیٚتاقەتە
جگەرەیەك پیٚدەکاتو پارەی چارەکیٚك عارەقت لیٚدەسەیٚنیٚ
نیشتمان منادوو بووە ئەوەندە

کیشوەرەکانت برد
ئەوەندە لەزەریاکانەوە پەڕانتەوە
ئەوەندە لەبەردەم بەڕیٚوەبەریٚتی پاسپۆرتو مانەوەدا راتگرت
ئەوەندە لەم شوقە گواستتەوە بۆ ئەو شوقە

ئەمەندە بۆ بڕینی بلیتی قیتار لە ویٚستگە ساردەکانا راتگرت
ئەمەندە نامەت پیٚدا ناردەوە بۆ دایکت
ئەمەندە تر نجانتە خەیاڵو رۆحتەوە
تۆ لەگەڵ خۆتا نیشتمانت ئەمەندە گیٚرا
نیشتمان بەخەمەکانییەوە

بە تەعزیەو ئاهەنگەکانیەوە
بە سەیرانو گریانەکانیەوە
بە ساختومانو کەلاوەکانییەوە
بەنالی و مەحبوبەکانییەوە

بەهەڵە بجەو گەرمیانەکانییەوە
تا تەواو شەکەتو ماندووت کرد.